گــــۆڤـــــاری زانـــــكـــۆی ڕاپـــــەڕیـــــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/xbbkrg88
ڕێـكەوتی وەرگـرتـن: 10/05/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 10/08/2025
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/10/2025

# ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان

**هەژار طه مغدید[١] - ظاهر حمدأمين صابر[٢]**
hazhar.magdedd@epu.edu.iq- Zahir.sabir@epu.edu.iq
[١+٢] بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێری هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشـــانی (ڕۆڵی پەیوەندییە گشـــتییەکان لە دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردســـتان)، توێژینەوەکە لە جۆری توێژینەوەی وەسفییە (Descriptive Research)، کە لەگەڵ شێوازی توێژینەوەکە گونجاوە، مەبەستی بەدەستهێنانی داتا و زانیاری ورد و دروست، میتۆدی ڕوپێویی بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی سەرجەم دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان کە هەشت دامەزراوە میدیایی لە هەرێمی کوردستان، هەرچی نمونەی ئەم توێژینەوەی بریتییە لە(٨٤) لەکارمەندانی بەشی پەیوەندییەگشتییەکان لە(٨) کەناڵە ئاسـمانییە کوردییەکان، بە شـێوەی نمونەی مەبەسـتدار Purposive Sampleلە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەرگیراوە، توێژەر پشتی بە فۆرمی ڕاپرسی بەستوە وەك ئامرازی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری .
گرنگی ســەرەکی ئەم توێژینەوەیە لە ڕەســەنایەتییەوە ســەرچاوەی گرتوە، بەپێی زانیارییەکانی توێژینەوەی زانســتییە هاوشـێوە دەگمەن لەسـەر ئاسـتی کوردسـتان کە تاوتوێی ڕۆڵی پەیوەندییە گشـتییەکان لەدامەزراوە میدیاییەکان لە هەرێمی کوردستان بکات
گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییەلە دەســتنیشــانکردنی ڕادەی بەکارهێنانی پەیوەندییە گشــتییەکان لە دامەزراوە میدیاییەکان و شــێوازەکانی پەیوەندیکردن لەجێبەجێکردنی چالاکی پەیوەندییە گشــتییەکان لەناوەوە و دەرەوەی دامەزراوەکەیە. دەرخسـتنی پێگەی پەیوەندییە گشـتییەکان لە پێکهاتەی دامەزراوە میدیاییەکان. زانینی ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە زیادکردنی کاریگەر لە بەڕێوەبردن لە دامەزراوە میدیاییەکاندا.
**کلیلە وشەکان:** ڕۆڵ، پەیوەندییە گشتییەکان، دامەزراوە میدیاییەکان.

# The Role of Public Relations in the Media institutions of the Kurdistan Region

**Hazhar Taha Maghded[1] - Zahir Hamadamin Sabir[2]**

[1+2] Media Techniques Department, Erbil Technical Administrative College, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

**Abstract:**

The research titled (The role of public relations in the media corporations in Kurdistan Region) The research is descriptive, which aligns with this study, its purpose collecting accurate data and information. Survey methods and measurements are used; the research consists of the public relations of all media corporations in Kurdistan Region, which are 8. The survey participated with (84) employees from public relations of all (8) Kurdish satellite channels, in (purposive samples) which has taken from the research. The researcher uses survey forms to collect data. The central focus of this the research include Identifying the usage level of public relations in Kurdish corporations, and the methods of communication in applying public relations within media corporations. This research is in the field of public relations, especially utilizing media corporations, it's an academic attempt to analyze the relationship and the implications within the public relations in corporations. Major aims of activities, inside and outside, Showing the position of public relations at the corporations, Knowing the role of public relations at increasing the impact on managing the media corporations, Acknowledging the limit of goal achievement by public relations of media corporations.

**Keywords:** Role, Public Relations, Media institutions

## پێشەکی:

پەیوەندییە گشتییەکان چالاکیەکی پەیوەندیکردنە کە لە هەر دامەزراوەیەکدا پێویستە. وەک پەیوەندی نێوان بەڕێوەبەرایەتی باڵای دامەزراوەکە و ئامادەبوانی کاردەکات، جا چ ناوخۆیی (واتە کارمەندانی دامەزراوەکە) یان دەرەکی (واتە سودمەندانی خزمەتگوزارییەکانی دامەزراوەکە). بە سەرنجدان بە گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان و ئەو ڕۆڵەی کە دەیگێڕێت لە دروستکردنی هەستی لێکتێگەیشتن و هاوئاهەنگی لە نێوان ئەندامانی دامەزراوەکەدا، هەروەها هەوڵدەدات ئەو کێشانە دەستنیشان بکات کە ڕووبەڕوی دامەزراوەکە بونەتەوە و بەمەبەستی دورکەوتنەوە و تێپەڕاندنیان. پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە میدیاییەکاندا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن، بەو پێیەی جۆرێکە لە پەیوەندیکردن کە هەوڵدەدات بەدواداچون و کۆکردنەوەی زانیاری لەڕێگەی توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمییەوە بکات.

جگەلەوە پەیوەندییە گشتییەکان ڕاپرسی ڕای گشتی ئەنجام دەدەن بۆ دیاریکردنی مەیل و ڕەوتی وەرگری دامەزراوەکە و دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی لایەنە نەرێنییەکان بە مەبەستی بەدەستهێنان و تێگەیشتن و سود بینن لە تێڕوانین و خواستی ڕای گشتی و ڕێگریکردن لە ڕق لێبونەوەی لە دامەزراوەی دیکە.

هەربۆیە کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەم پرسیارە دەبینێتەوە ئایا ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکانی دامەزراوە میدیاییەکان لە هەرێمی کوردستاندا چیە؟

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتوە لە سێ بەش بەشی یەکەم بریتییەلە ڕێبازنامەی توێژینەوەکە بەشی دوەم تیۆری نامە، بەشی سێیەم پراکتیکی نامە و لە کۆتاییدا دەرئەنجامە و پێشنیارکان لستی سەرچاوەکان خراوەتەڕو.

## بەشی یەکەم
## ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

### یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە

### ١. ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە

#### ١) کێشەی توێژینەوە:

کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەم پرسیارە دەبینێتەوە ئایا ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکانی دامەزراوە میدیاییەکان لە هەرێمی کوردستاندا چییە؟

#### ٢) پرسیارەکانی توێژینەوە:

گرنگترین پرسیارەکانی توێژینەوەکەمان ئەمانەی خوارەوەن:

١. ڕادەی پشتبەستن و بەکارهێنانی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە میدیاییەکان و شێوازەکانی پەیوەندیکردن لەجێبەجێکردنی چالاکییەکانی لەناوەوە و دەرەوەی چەند چۆنە؟
٢. پێگەی پەیوەندییە گشتییەکان لە پێکهاتەی دامەزراوە میدیاییەکان چییە؟
٣. ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان چۆن بەشداری دەکەن لە زیادکردنی کاریگەر لە بەڕێوەبردن لە دامەزراوە میدیاییەکاندا چیە؟
٤. پەیوەندییە گشتییەکانی دامەزراوە میدیاییەکان تا چ ڕادەیەک توانیویانە ئامانجەکانیان بەدەست بهێنن؟

#### ٣) ئامانجەکانی توێژینەوە:

گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە خۆی لەمانە دەبینێتەوە:

١. دەستنیشانکردنی ڕادەی بەکارهێنانی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە میدیاییەکان و شێوازەکانی پەیوەندیکردن لەجێبەجێکردنی چالاکی پەیوەندییە گشتییەکان لەناوەوە و دەرەوەی تۆڕەکە.
٢. دەرخستنی پێگەی پەیوەندییە گشتییەکان لە پێکهاتەی دامەزراوە میدیاییەکان.
٣. زانینی ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە زیادکردنی کاریگەر لە بەڕێوەبردن لە دامەزراوە میدیاییەکاندا.
٤. زانینی ڕادەی گەیشتنی پەیوەندییە گشتییەکانی دامەزراوە میدیاییەکان بە ئامانجەکانیان.

#### ٤) گرنگی توێژینەوە:

گرنگی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە خۆی دەبینێتەوە:

١ ڕەسەنایەتی: گرنگی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لە ڕەسەنایەتییەوە سەرچاوەی گرتوە، بەپێی زانیارییەکانی توێژینەوەی زانستییە هاوشێوە دەگمەن لەسەر ئاستی کوردستان کە تاوتوێی ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لەدامەزراوە میدیاییەکان لە هەرێمی کوردستان بکات.

2- لایەنی زانستی: ئەم توێژینەوەیە، دەچێتە بواری پسپۆڕی پەیوەندییە گشتییەکان، بە تایبەتی چۆنییەتی بەگەڕخستنی لەدامەزراوە میدیاییەکان، هەوڵێکی ئەکادیمییە بۆ شرۆڤەکردنی پەیوەندی و کارلێك لەنێوان پەیوەندییە گشتییەکان و لەدامەزراوە میدیاییەکان.

3- لایەنی تیۆری: هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ قوتابیانی زانکۆ، لە بارەی چەمکی سەرهەڵدانی پەیوەندییە گشتییەکان، تایبەتمەندی و گرینگیی و ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان، ستراتیژییەتەکانی پەیوەندییە گشتییەکان، هەروەها زانیاری دەربارەی دامەزراوە میدیاییەکان، پێکهاتە سەرەکییەکانی دامەزراوە میدیاییەکان و گرنگیی و ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان لەدامەزراوە میدیاییەکاندا، ڕۆڵی کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە میدیاییەکاندا.

٤- لایەنی پەیوەندار: گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ لایەنی پەیوەندار کە دامەزراوە میدیاییەکانە بۆ زانینی سروشتی بەکارهێنانی پەیوەندییە گشتییەکانە لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی چالاکییەکاندا کە بوەتە بەشێکی سەرەکی لە دامەزراوەکان ناکرێت دەستبەرداری بێت.

## ٥) میتۆدی توێژینەوە:

**جۆری و ڕێبازی توێژینەوەکە:** جۆری ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفییە. بۆ گەیشتن بە داتا و زانیارییەکان، میتۆدی ڕوپێوی بەکارهاتوە، کە یەکێکە لە میتۆدە زانستییە بەربڵاو و بەکارهاتوەکانی توێژینەوە لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا؛ لەنێویشیان توێژینەوەکانی بواری میدیایی.

## ٦) کۆمەڵگەی توێژینەوە و نمونەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی دامەزراوە میدیاییەکان لە هەرێمی کوردستان.

نمونەی وەرگیراویش بۆ ئەم توێژینەوەی بریتییە لە(٨٤) کارمەندانی بەشی پەیوەندییەگشتییەکانی لە(٨) کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، بە شێوەی نمونەی مەبەستدار (العینة العمدیة -Purposive Sample) لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەرگیراوە.

## ٧) ئامرازی کوکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە:

گرنگترین ئەو ئامرازی کوکردنەوەی زانیاری لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوە بریتیە لە فۆرمی ڕاپێوی.

## ٨) چەمکەکانی توێژینەوە:

١. **ڕۆڵ:** بریتییە لە کۆمەڵە ئەرك و گرنگییەك، کە بەشداری دەکات لە پێناو برەودان بە بابەتێك یاخود بوارێکی دیاریکراودا، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانج و پشتیوانیکردنی بۆچون و ئاراستەیەکی دیاریکراو.

٢. **پەیوەندییە گشتییەکان:** بەم جۆرە پەیوەندییە گشتییەکان چالاکییەکە، کە کار بۆ چەسپاندنی متمانە و لێکتێگەیشتنی یەکتر لە نێوان دو لایەندا دەکات: دەمەزراوە و خەڵک، حکومەت و خەڵکەکەی، سەرکردە و گەلەکەی، لە نێوان هەر ڕێکخراوێک، دامەزراوەیەک، یان ئۆرگانێک و تاکە جۆراوجۆرەکانی.

٣. **دامەزراوەی میدیایی:** "کۆمەڵێک ئامرازی میدیایی لە چالاکیی جیاواز لە لایەن چەندبن کەســەوە ئیدارە دەدرێت کە بەپێی هەندێک ڕێســا هەندێک ڕۆڵ ئەنجام دەدەن. دامەزراوەی میدیایی بە گرنگیدان بە بەرهەمهێنان و دابەشکردنی زانیاری، وەک هەواڵ ڕیکلام و ڕۆشنبیری جیا دەکرێتەوە."

## بەشی دوەم زانیارینامە (پەیوەندییە گشتییەکان و دامەزراوە میدیاییەکان)

## یەکەم: پەیوەندییە گشتییەکان (چەمک و جۆرە تایبەتمەندییەکانی)

### ١. پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکان

پەیوەندییە گشــتییەکان پێناســەی زۆر و جۆراوجۆری هەیە و لە ڕوانگەی دەربڕینیشــەوە لێك جیاوازن، بەڵام هەر هەمو پێناســەکان کۆکن لەســەر ئەو نـاوەڕۆکە فیکری و جەوهەرییەی لە ڕێگەیەوە کە پەیوەنـدییە گشــتییەکان دەبەســترێتەوە بەو کۆمەڵگا و جەماوەر و کایەی کە ئەو چەمکەی تێدا بەکار دەهێنرێ، کۆمەڵەی نێودەوڵەتی پێی وایە پەیوەندییە گشتییەکان ئەرکێکی پلاندارێژراوە وەك ئەرکێکی ئیداری پێناسـەی دەکات، بەردەوامی هەیە و ئامانجەکەشی ئەوەیە لە ڕێگەی ڕێکخراو و دامەزراوە گشــتی و تایبەتیەکانەوە هاوســۆزی ئەوانە بەدەســت بهێنێ و بیخاتە ژێر کاریگەرییەوە کە دەیانەوێ لە ڕێگەی هەڵســەنگاندنی ڕای گشــتی پەیوەســت بە خۆیانەوە متمانەبەخۆبونیان بپارێزن، ئەمەش لە پێناو بەسـتنەوەی سـیاسـەت و ڕێوشـوێنەکان بۆ بەدیهێنانی زیاتری هاوکاری داهێنەرانە و هەڵسـوراندنێکی کارای بەرژەوەندییە گشتییەکان بە بەکارهێنانی میدیای هەمەلایەن و پلان بۆ دارێژراو. (سامیة ٢٠١٩، ٤٦)

پەیوەندییە گشتییەکان لێرەدا پرۆسەکانی کارلێککردنە لەگەڵ جەماوەر یان خەڵک لە کۆمەڵگادا دەگرێتەوە، بۆیە ئەم پرۆسـانەی کارلێککردن بەرفراوان دەبن، لە ڕەهەندەکاندا ئاڵۆزن و لە ئامانجەکاندا هەمەچەشـنن و لەگەڵ فرەیی تاک و گروپەکان و هەمەچەشنی بەرژەوەندییەکانیان و فراوانی ئامانجەکانیان یەکدەگرێتەوە. (الدلیمی، ٢٠١١، ٣٥-٣٦)

(هوارد بونهام) پێی وایە : "پەیوەندیی گشــتی هونەری تێگەیشــتن و مامەڵەکردنە لەگەڵ جەماوەردا لەپێناوی زیاتر متمانەی جەماوەر بە ڕێکخراو و کەسێتییەکان و لایەنە پەیوەندییدارەکان. (ئەحمەد ٢٠١٩، ٢٢٩)

پەیمانگەی پەیوەندییە گشــتییەکانی بەریتانیا دەڵێت، پەیوەندییە گشــتییەکان "هەوڵێکی کارگێڕیی پلان بۆ دارێژراو و بەردەوامە، کە ئامانجیان دامەزراندن و بەهێزکردنی لێکتێگەیشــتنی هاوبەشــە لە نێوان ڕێکخراو و جەماوەردا. (ســعد ٢٠١٧، ٨١)

### ٢. ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان

پەیوەندییە گشــتییەکان ئامانجێکی باڵای هەیە، کە بریتییە لە باشــترکردن و بەرزکردنەوەی وێنەی دامەزراوە لەگەڵ جەماوەری ناوخۆیی و دەرەکی، جەوهەری پەیوەندییە گشــتییەکان لە بنیاتنانی متمانە و تێگەیشــتنێکی بەرزی مرۆیی و کـارکردن بۆ دامەزرانـدنی پەیوەنـدییەکی نزیکە لە نێوان ئەو جەمـاوەرەی، کە بە بەرژەوەنـدیی هـاوبەش بەیەکەوە گرێدراون. (العلاق، ٢٠١٠، ١٦٩)

لێرەوە لێکتێگەیشتنی هاوبەش هۆکارێکی جەوهەرییە بۆ سەرکەوتن، گرنگیی پەیوەندییە گشتییەکان لەم دامەزراوەکان زیـادی کردوە، بەوپێیەی نـاتوانن بە ســەرکەوتویی لە نێوان خۆیـان و خەڵکـدا، یـان لە نێوان کـارمەنـدانی خودی دامەزراوەکەدا کار بکەن، بەبێ ئەوەی ئەم لێکتێگەیشـتنە هاوبەشـە لە نێوانیاندا مسـۆگەر بکەن. (جرادات و الشـامي ٢٠٠٩، ٤٨)

دیارترینی ئەم هۆکارانە بریتین لە: (مصطفی ٢٠١٩، ٢١)

١. سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی
٢. هێزی كێبڕكێ
٣. ڕای گشتی لە لایەن جەماوەر و پەرەسەندنی هۆشیاری
٤. پێشكەوتنی ئامرازەكانی پەیوەندیكردن

هەر دامەزراوەیەک، کە بەدوای ســـەركەوتندا دەگەڕێت لە بوارەكیدا، پێویســـتە لە ئامانجەكانیدا ڕون بێت، بۆیە دەبێت ئەم ئامانجانە، واقیعی، نوسراو و توانای پێوانەكردن و دەستكاریكردن و هەڵسەنگاندنیان.

فیلیپ لێسلی كە سەرۆكی ئامانجەكانی پەیوەندییە گشتییەكان بەم شێوەیە باس دەكات: (جرادات، ٢٠١٩، ٣١)

١. بەرزكردنەوەی پێگەی دامەزراوەكە و سودەكانی.
٢. پەرەپێدانی بەرهەم و خزمەتگوزارییەكانی دامەزراوەكە.
٣. بەدەستهێنانی متمانەی خەڵک.
٤. چێژوەرگرتن لە پەیوەندیی باش لەگەڵ كۆمەڵگەی ناوخۆیی.
٥. بەدەستهێنانی متمانەی خاوەن پشكەكان، بەهێزكردنی پەیوەندیی باش لەگەڵ خاوەنپشكەكان.

## ٦. ئەركەكانی پەیوەندییە گشتییەكان:

ئەركی پەیوەندییە گشتییەكان دانانی بەرنامەیەكی پلانداره بۆ چالاكییەكان لە دامەزراوەكەدا بە شێوەیەك، كە خزمەتی بەرژەوەندیی ڕێكخراو و جەماوەر بكات. (ئەحمەد ٢٠١٥، ٨)، هەربۆیە پەیوەندییە گشتییەكان، ئەركێكی بنەڕەتی كارگێڕییە لە پەیكەری ڕێكخستنی دامەزراوەكاندا، هاوشێوەی تەواوی ئەركە كارگێڕییەكانی تر، بەڵام لە چوارچێوەی ستراتیژ و پلانێكی دیاریكراو و بونی پرۆسەیەكی بەردەوام لە كاركردنیدا، كە زیاتر جەخت دەكاتە سەر بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەكانی دامەزراوەكە و پێوانەكردنی ڕای گشتی و بەدەستهێنانی پاڵپشتیان. (Anas 2016, 226)

بۆ ئەم كارە پەنا بۆ بەكارهێنانی لێكۆڵینەوەی زانستی و پلاندانان و پەیوەندی و هەماهەنگی و هەڵسەنگاندن دەبات. لێرەوە گەیشتن بە ئامانجەكانی پەیوەندییە گشتییەكان كە بریتین لە دروستكردنی پەیوەندی بەهێز لە نێوان دامەزراوە و جەماوەردا تەنها لە ڕێگەی ئەو ئەرك و چالاكییانەی كە لەلایەن ئامێری پەیوەندییە گشتییەكانەوە ئەنجام دەدرێن، بەدەست دێت. ئەم ئەركانە كە نوێنەرایەتی سەرەكی پەیوەندییە گشتییەكان دەكەن، دەتوانرێت لەمانەی خوارەوە دیاری بكرێن:

**یەكەم - توێژینەوەی زانستی:** مەبەست لە توێژینەوەی زانستی شێوازێكی ڕێكخراوە بۆ كۆكردنەوەی زانیاری جێی متمانە و تێبینیكردن و شیكردنەوەی بابەتیانەی ئەو زانیاریانە، بە پەیڕەوكردنی شێواز و ڕێبازە زانستییە تایبەتەكان، بە مەبەستی پشتڕاستكردنەوەی ڕەوایەتییەكەی، دەستكاریكردنی، یان زیادكردنی شتی نوێی بۆی، و پاشان گەیشتن بە هەندێك یاسا و تیۆری و پێشبینی ڕودانی ئەو جۆرە دیاردانە و كۆنترۆڵكردنی هۆكارەكانیان. (درويش ٢٠١٨، ٢٢)

**دووەم - پلاندانان:** ئەو چالاكییە دەرونییە خۆبەخشـــانەیە، كە كار دەكات بۆ هەڵبژاردنی باشـــترین بەكارهێنانی كۆمەڵە وزەی بەردەستەكان بۆ گەیشتن بە ئامانجی تایبەت لە ماوەیەكی دیاریكراودا. (صايل ٢٠١٩، ٧٠)

پلاندانانیش لە بواری پەیوەندییە گشتییەكاندا بریتییە لە داڕشتنی سیاسەتی دامەزراوە بە مەبەستی دیاریكردنی ئامانج و جەماوەری مەبەستدار و داڕشتن و بڵاوكردنەوەی بەرنامەی میدیایی و دیاریكردن و دابەشكردنی لێهاتوییەكان و بودجە بۆ چالاكییەكان. (العلاق. ٢٠٠٩، ١٠)

**سێیەم - پەیوەندی:** پەیوەندی واتە گواستنەوەی زانیاری، بیرۆکە، ئاڕاستە، یان هەستەکان لە کەسێک یان گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر، بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی هێماکانەوەیە. (صایل ٢٠١٩، ٧٢)

پەیوەندیکردنیش بریتییە لە بەستنەوەی بەڕێوەبەرایەتی باڵای دامەزراوەکە و ئاستەکانی تری کارگێڕی و ئامادەبوان و کارمەندانی دەرەکی دامەزراوەکە و پەیوەندییە کەسی و گشتییەکان لە ڕێگەی میدیای جۆراوجۆرەوە بەکاردەهێنێت.

**چوارەم - هەماهەنگی:** هەماهەنگی بەم شـێوەیە پێناسـە دەکرێت کە "هەماهەنگی بەشی پەیوەندییە گشـتییەکانە لە نێوان بەشـەکە و بەشـەکانی دیکەی ناو دامەزراوەکەدا سـەبارەت بەو چالاکییانەی کە ئەنجامی دەدات، ئەم بەشـانە بەیەکەوە گرێدراون بەجۆرێک لە کۆتاییدا ببنە هۆی کاریگەر لە ئەنجامدانی چالاکییەکە. (صایل ٢٠١٩، ٧٤)

**پێنجەم - هەڵسـەنگاندن:** هەڵسـەنگاندن "ئەنجامدانی بەدواداچون و لێکۆڵینەوەیە لەو هەڵە و کەموکوڕیانەی کە هەر پرۆسـەیەکی جێبەجێکردن ئەنجامی دەدەن، پاشـان دانانی پلان و ڕێکارەکان بۆ ڕاسـتکردنەوەی هەڵە و کەموکوڕییەکان. (صایل ٢٠١٩، ٧٥)

ئامانجی هەڵسەنگاندن لە بواری پەیوەندییە گشتییەکاندا، بڕیاردانە لەسەر ڕادەی ئەو پێشکەوتنانە کە پەیوەندییە گشتییەکان وەک چالاکیەک بەدەستی هێناون، هەروەها دەستنیشانکردنی لایەنە بەهێزەکان و کارکردن بۆ پشتیوانیکردنیان و لایەنە لاوازەکان و کارکردنە بۆ ڕاستکردنەوەیان. (الشمری ٢٠٠٩، ٣٩)

ئەوەی مەبەستە لە ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکانە، پرۆسەی گۆڕینی (ئامانجەکان)ە بۆ کۆمەڵێک چالاکیی و ئەم چالاکییانە زۆر تێناپەڕن، بەم شێوەیە: (شعبان ٢٠٠٨، ٣٦)

١- ڕونکردنەوەی چالاکیی و خزمەتگوزاری و بەرهەمهێنانی دامەزراوەکە و ناساندنی بە خەڵک بە شێوەیەکی سادە و واقیعی و ڕون.
٢- ڕونکردنەوە و هەموارکردنەوەی سیاسەتی دامەزراوەکە بە مەبەستی قبوڵکردنی و بەدەستهێنانی هاوکاری گشتی لەگەڵیدا.
٣- دابینکردنی هەمو زانیارییەک بۆ خەڵک و یارمەتیدانیان بۆ پێکهێنانی ڕای خۆیان بۆ ئەوەی بۆچونەکەیان لەسەر بنەمای واقیع و ڕاستی بێت.
٤- دڵنیابون لەوەی کە ئەو زانیاری و هەواڵانەی کە پێشکەشی ڕای گشتی دەکرێن لە ڕوی فۆرم و ناوەڕۆکەوە ڕاست و دروستن.
٥- ئاگادارکردنەوەی دامەزراوە لە پێشهاتە جۆراوجۆرەکان کە لە ڕای گشتیدا ڕودەدەن.
٦- پاراستنی دامەزراوەکە لە بەرامبەر هەر بەرکەوتنێک کە لە ئەنجامی بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵە و ناڕاستدا بەسەریدا بێت.

## دوەم: دامەزراوە میدیاییەکان و پەیوەندییە گشتییەکان

### ١. دامەزراوە میدیاییەکان

دامەزراوە، بە هەمو ئەو ڕێکخراوە کۆمەڵییانە پێناسە دەکرێت، کە هەماهەنگی دەکەن بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانیان، لە پێناو ئاسانکاری بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان، ئەویش لە ڕێگەی دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسیارێتییەکان، لەبەر ئەوە دامەزراوە پێکهاتەیەکی فەرمی هەیە و گوزارشت لە ڕەفتاری عەقڵانی دەکات. (البادي ١٩٩٩، ١٠)

لێکۆڵینەوەکانی ئەم دوایيە پشتیان بەوە بەستوە دامەزراوە وەک سیستەمێک لەناو خۆیدا هەژمار بکەن، کە پێک هاتوە لە کۆمەڵێک سیستەمی لاوەکی و پەیوەندیی پێکبەستراویان هەیە و پەیوەندییان هەیە لەگەڵ ژینگەی دەرەوەی دامەزراوە، بە تەواوی پێکهاتە هەبوەکان لە سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیدا. (رزق ٢٠٠١، ٤٥)

کاری میدیایی، بەو چالاکییە پێناسە دەکرێت کە ئامانجی ئەوەیە بە شێوەیەکی گشتی ڕاستییەکان بخاتە ڕو، بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بگەیێنێت بە جەماوەری تایبەتمەند یان گشتی، ئەمەش لە لایەن نێرەرێکەوە کە پاشخانێکی فراوانی هەبێت لەسەر بابەتی ئەو پەیامەی کە مامەڵەی لەگەڵ دەکات، بۆ ئەوەی بتوانێت بۆچونێکی گشتی دروست پێک بهێنێت کە ئاگاداری ڕاستییەکان بێت و هەستیان پێ بکات و لە مامەڵەکانیدا بکەوێتە ژێر کاریگەرییان. (سليمان ٢٠٠٤، ٦٠)

بەم شێوەیە دامەزراوەی میدیایی بەوە پێناسە دەکرێت: کە ئەو دامەزراوەیەیە کە بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی میدیای گشتی بەجۆرێك توانای گواستنەوەی پەیامی هەیە بۆ وەرگران بە بەکارهێنانی ئامرازە نوێ و کلاسیکییەکانی میدیا، تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە هەروەها دیجیتاڵ میدیا. (مكاوي و السيد ١٩٩٨، ٤١)

سەرەڕای هەمەچەشنی دامەزراوە میدیاییەکان، کە بریتین؛ لە دامەزراوەی ڕۆژنامەوانی، ڕادیۆی دەنگی و ڤیدیۆیی، وێستگەی مانگی دەستکرد، ئاژانسەکانی هەواڵ، کۆمپانیاکانی ڕیکلام و پەیوەندییە گشتییەکان، دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی ڕادیۆ (و ڤیدیۆ)، بەڵام لەگەڵ هەر ناوەندێکی دیکەی غەیرە میدیایی هاوچەشنن بەوپێیەی هەمویان هەمان چالاکیی کارگێڕییان هەیە وەک؛ بەرهەمهێنان، کڕین، بازاڕکردن، کارمەندان، کاری ئۆفیس و پارەدارکردن. (فياض ٢٠١٧، ١١)

## ٢. ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان لە دەزگا میدیاییەکاندا

پەیوەندییە گشتییەکان چالاکییەکی پێویستە، بەوپێیەی هیچ دامەزراوەیەک، چ کەرتی تایبەت بێت یان گشتی یاخود حیزبی، ناتوانێت سەرکەوتو بێت بەبێ چالاکیی پەیوەندییە گشتییەکان، کە لێکتێگەیشتن لە نێوان دامەزراوەکە و بینەرەکانیدا دروست دەکات، جا بینەرانی ناوخۆیی بن یان دەرەکی. لێرەوە گرنگیی پەیوەندییە گشتییەکان تیشک دەخاتە سەر ئامانجێکی گرنگ بۆ بەڕێوەبردنی گشتی هەر دامەزراوەیەک، ئامانجە سەربەخۆکان و تاقیکردنەوەی ڕای گشتی پێش داڕشتنی سیاسەتەکەیان و وەڵامدانەوەی ڕەخنەگران و پاساوهێنانەوە لە گرنگترین ئامانجەکانن. (درويش ٢٠١١، ٣٣)

گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەر دیاریکردنی ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە هەر دامەزراوەیەکدا هەیە بریتین لە: (صوفی ٢٠١١، ٣٢)

١) کاریگەرییە دەرەکییە ژینگەییەکان: هێزە پیشەییەکان نوێنەرایەتیی ئەو ژینگەیە دەکەن کە دەوری دامەزراوەکەی گرتوە و کاریگەریی لەسەر ئامادەکردن و داڕشتن و پێناسەکردنی ئامانجەکان هەیە.

٢) ئەو سەرچاوانەی کە لەبەردەستی دامەزراوەکەدایە: دامەزراوە و ڕێکخراوە گەورەکان کە توانای ماددی و مرۆیی یەکجار زۆریان هەیە، دەتوانن وەڵامی کاریگەرییە ژینگەییەکان بدەنەوە کاتێک دیاری دەکرێن بە بەراورد لەگەڵ ڕێکخراوە بچوکەکان.

٣) پەیوەندیی هاوبەش: پەیوەندیی نێوان کەسانی کاریگەر و ئەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە و کارمەندانی ناو هەمان ڕێکخراوەکان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر دانانی ئامانجەکان هەیە.

٤) کۆمەڵێک بەها و ئاڕاستە: ئەم بەهایانە نوێنەرایەتیی کۆمەڵێک بۆچون و ئاڕاستە دەکەن سەبارەت بەوەی چی باشە یان خراپە و لە نێوان ئەوەی خوازراوە و چی نەگونجاوە.

## ٣. ڕۆڵی کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە میدیاییەکان

دامەزراندنی کارمەند و ڕاهێنان چالاکییەکی گرنگە لە هەر دامەزراوەیەکدا، بە دەزگا میدیاکانیشەوە، بە هەڵبژاردنی ئەو کارمەندانەی کە لەم دامەزراوەیە کار دەکەن بە مەبەستی دڵنیابون لەوەی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو بێت، توخمە مرۆییەکان گرنگییەکی زۆری هەیە لە ڕێکخستنی کارگێڕیی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە میدیاییەکان و لە گەیشتن بە پەیوەندییەکان، بەگشتی لەم دامەزراوانەدا بە شێوەیەکی کاریگەر ئامانجەکانی خۆی بەدەست دەهێنێت. سەرکەوتنی پلانی پەرەپێدانی بەڕێوەبردن لە گەیشتن بە ئامانجەکانیدا تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە وردبینی لە هەڵبژاردنی توخمە گونجاوەکان بۆ کاری کارگێڕی و ئەو شێوازانەی کە لە هەڵبژاردنی کارمەندەکاندا بەکار دەهێنرێن بەپێی بارودۆخی هەر دامەزراوەیەک. (الخطيب ٢٠٠٧، ٣٩)

ئەوانەی لە پەیوەندییە گشتییەکاندا کار دەکەن، ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگ دەبینن لە سەرکەوتنی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەدا، بەوپێیەی وەک ئەو وتارە هەستیارە وان کە ئاوازی دڵسۆز و ڕەسەن دەگوازێتەوە، لە ڕای گشتییەوە بۆ دامەزراوە و لە دامەزراوەکەوە بۆ ڕای گشتی، وەک چۆن ئەوان لایەنێکی بنەڕەتین کە هەمو چالاکییەکانی پەیوەندیکردن و میدیایی بەدەوریدا دەسوڕێنەوە. (الشرمان، عبدالسلام ٢٠٠١، ٥١)

دەتوانین لێهاتویی کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە میدیاییەکان لەمانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١- سیفەتە کەسییەکان: ئەمانە ئەو سیفەتانەن کە لەگەڵ مرۆڤدا لەدایک دەبن، ئەم سیفەتانە بریتین لە (کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی و سەرنجڕاکێش، توانای قسەکردنی بابەتیانە، خەیاڵێکی بەرهەمدار، هەستێکی هونەری بۆ کاریگەریکردن لەسەر مرۆڤەکان، بوێری لە ڕوبەڕوبونەوەدا قەیرانەکان، توانای بەرگەگرتن و کۆڵنەدان، و توانای ڕازیکردن و بردنەوەی ئەوانی تر...هتد.)

٢- ئامادەکاریی ئەکادیمی: واتە ئەو سیفەتانەی کە کارمەندی پەیوەندییە گشتییەکان بەدەستی دەهێنێت لە ڕێگەی ئەو بابەتانەی لە ئامادەکاریی ئەکادیمییەکەیدا هاتوە، کە یارمەتی دەدات بە سەرکەوتویی کاری کارگێڕی و میدیایی خۆی ئەنجام بدات، وەک شارەزایی لە زمانە بیانییەکان و زانیاری لە کۆمەڵناسی و بەڕێوەبردن و تەکنەلۆژیاکانی میدیا.

مەبەست لە ڕاهێنان لە بواری پەیوەندییە گشتییەکاندا ئامادەکردنی کۆمەڵێک پسپۆڕی پەیوەندییە گشتییەکانە کە توانای ڕونکردنەوە و سادەکردن و ڕازیکردنیان هەیە و توانای وەرگرتنی زانیارییان هەیە و دواتر گواستنەوەی ئەو زانیاریانە و و بۆ کەسانی تر شرۆڤەی دەکەن و لێکدانەوە دەکەن. (زويلف،القطامين ٢٠٠٤، ٢١٤)

لەبەر ئەوەی کاری میدیایی (ڕۆژنامەنوس، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، دیجیتاڵ میدیا)، لەگەڵ گەشەسەندنی خێرا، پێویستی بە تێگەیشتنێکی قوڵ و نوێکراوە لە چەندین لایەنی تەکنیکی، هونەری و بەرنامەیی و پێویستی بە پاشخانێکی فراوانی زانیاری و بەدواداچون هەیە لە هزری مرۆڤدا، لە هەمان کاتدا هەمو ئەمانە لە نزیکەوە دەبەستێتەوە بە کۆمەڵگا و پرسەکانی و ئاواتەکانییەوە ڕاهێنانی کردەیی لەم بوارە پێویستییەکی جێگرە لە ئامادەکردنی کەسێکی لێهاتو لە پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەکانی میدیا. (علاوي ٢٠٠٦، ٥١)

ڕاهێنان بۆ کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە میدیاییەکان، لایەنێکی گرنگە کە یارمەتیی کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان دەدات بۆ بەدەستهێنانی کارامەیی نوێ کە پێشتر فێری نەبون، یان پەرەپێدانی کارامەیی

ڕاســـتەقینەی خۆیان بۆ پێشـــکەشـــکردنی ئەدای باشـــتر، یان ڕاهێنانیان لەســـەر "تەکنەلۆژیای نویێ" کە لە لایەن دامەزراوەکەوە ناسێنراوە. (الداقوقي ۲۰۰۰، ۷٦)

## بەشی سێیەم  لایەنی مەیدانی (کردەیی) توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر بەمەبەســـتی وردبونەوە لە نمونەی توێژینەوە وەرگرتوە، دوای گەڕانەوەی فۆرمەکان، توێژەر کرداری بەتاڵکردنی بۆ زانیارییە بەدەســـتهاتوەکانی ناو فۆرمەکە ئەنجام دا، لە چەندین خشـــتە کە پێك هاتون، لە خوارەوە زانیارییەکان لە شێوەی خشتەبەند پۆلێن و ڕێکخراون ڕون کراونەتەوە.

خشتەی 1 ڕەگەزی کارمەندانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە میدیاییەکان ڕوندەکاتەوە

| ڕەگەز | دوبارەبونەوە | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | 70 | 81.4 |
| مێ | 16 | 18.6 |
| کۆی گشتی | 86 | %100 |

ئەم خشتەیە، ڕەگەزی کارمەندانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە میدیاییەکان ڕون دەکاتەوە، ڕەگەزی نێر لە نمونەی توێژینەوە بەرێژەیی(%۸۱,٤) بە پلەی یەکەم هاتون بە ۷۰ دوبارە بونەوە، ڕەگەزی مێ لە نمونەی توێژینەوە بە پلەی دوەم دێن بەرێژەیی(%۱۸,٦) وە ١٦ دوبارەبونەوە.

لەمەش بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێژەی زۆری لە تاکەکانی توێژینەوە لە ڕەگەزی نێرن کە ڕێژەیان ۸۱,٤ ٪ کە ئەمەش ڕێژەیەکی یەکجار زۆرە، ئەم ڕێژە زۆرەی نێر دەرخەری ئەوەیە کە دامەزراوە میدیاییەکان پشـتبە ڕەگەزی نێر دەبەسـتن وەکەمتر بە ڕەگەزی مێ.

خشتەی ۲ بڕوانامەی کارمەندانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە میدیاییەکان ڕون دەکاتەوە

| بڕوانامە | دوبارەبونەوە | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|
| بەکالۆریۆس | ٤۷ | ٥٥,٨١٥ |
| دبلۆم | ۱۹ | 22.093 |
| ئامادەیی | 14 | 16.279 |
| ماستەر | ۳ | 3.488 |
| دبلۆم باڵا | ۲ | ۲,۳۲٥ |
| دکتۆرا | ۰ | ۰ |
| کۆی گشتی | 86 | ٪۱۰۰ |

ئەم خشـتەیە تایبەتە بە ڕونکردنەوەی بڕوانامەی کارمەندانی بەشی پەیوەندییە گشـتییەکان لە دامەزراوە میدیاییەکان، هـەڵگرانی بڕوانـامەی بەکالۆریۆس بە ڕێژەی(55.815%) بـە پلەی یەکەم هـاتون بـە ٤۷ دوبـارەبونـەوە، هـەروەهـا هـەڵگرانی بڕوانـامەی دبلۆم بە ڕێژەی (۲۲,۰۹۳٪) بـە پلەی دوەم دێن بـە ۱۹ دوبـارەبونـەوە، هـەرچی هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی بە ڕێژەی (16.279%) لە پلەی سێ یەم دێن بە ١٤ دوبارەبونەوە، لە کاتێکدا هەلگری بڕوانامەی ماستەر بە ڕێژەی (۳,٤۸۸٪)هاتوە بە ۳ دوبارەبونەوە، لە پلەی چوارەمیشـدا هەلگرانی بڕوانامەی دبلۆمی باڵاندێن بە ڕێژەی(۲,۳۲٥٪)

ئەگەر تێبینی خشـــتەی ۲ بکەین بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی زۆری بەشـــداربوان ئەوانەن کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسـن وکەمترینان ئەوانەن کە هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم باڵان، لە کاتێکدا  هیچ کارمەندێکی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە میدیاییەکان هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرانین.

خشتەی ٣ هۆکاری کارکردنی کارمەندانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە میدیاییەکان دیاریدەکات

| هۆکاری کارکردن | دوبارەبونەوە | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|
| حەز و ئارەزو | 49 | 57.0 |
| پسپۆڕیی خۆم بوە | 17 | 19.8 |
| بەڕێکەوت | 13 | 15.1 |
| بژیوی ژیان وایکردوە | 7 | 8.1 |
| کۆی گشتی | 86 | ٪١٠٠ |

خشتەی (٣) هۆکاری کارکردنی کارمەندانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە میدیاییەکان دیاریدەکات، بەشی زۆری ئەوانەی کە لە پەیوەندییە گشـــتییەکان کار دەکەن بە حەزی خۆیان لەو کارەدان و ڕێژەکەیان بریتیە لە (٥٧,٠ %) بە ٤٩ دوبارەبونەوە، بە پلەی یەکەمین دێن، لە کاتێکدا لە پلەی دوەم ئەوانە دێن کە پســـپۆڕییانە ڕێژەکەیان (١٩,٨٪) بە ١٧ دوبارەبونەوە، لە هەمان کاتدا ئەوانەی بۆ بژێوی ژیان ئەو کارە دەکەن لە پلەی سێ یەم دان ڕێژەکەشیان بریتیە لە(١٥,١٪) وە بە١٣ دوبارەکردنەوە، لە پلەی چوارەم و کۆتایە ئەوانەی کە بژیوی ژیان وایکردوە ئەم کارە بکەن دێن بە ڕێژەی (٨,١ %) وە بە ٧ دوبارەبونەوە

ئەگەر سەرنج لەم خشتەیە بدەین تێبینی ئەوە دەکەین کە بەشی زۆری نمونەی توێژینەوەکەمان بەحەز و ئارەزو کاری پەیوەندییە گشتییەکان ئەنجام دەدەن لە دوای ئەوانە بە ڕێژەیەکی زۆر جیاواز پسپۆڕانی پەیوەندییەگشتییەکان دێن لە بەرامبەردا ژمارەیەکی کەم لە نمونەی توێژینەوەی بژێوی ژیان وایکردوە ئەم کارە بکەن هیچ وەزیفەیەکی تریان نەبوە.

خشتەی ٤ ناوی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە میدیاییەکان دیاری دەکات

| ناوی ئەو بەشە لە دامەزراواکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|
| پەیوەندییە گشتییەکان | ٤٠ | 46.53 |
| PR | 8 | 9.3 |
| بەشی پەیوەندییەکان | ٢٩ | 33.72 |
| کارگێڕیی سەرچاوە مرۆییەکان | 5 | 5.81 |
| گێستبوکینگ | ٢ | 2.32 |
| هەماهەنگی - تەنسیق | ٢ | 2.32 |
| کۆی گشتی | 86 | ٪١٠٠ |

لە خشـەی (٤) کە ناوی بەشی پەیوەندییە گشـتییەکان لە دامەزراوە میدیاییەکان دیاری دەکات، لە پلەی یەکەم ناوی پەیوەندییە گشـــتییەکان بە ڕێژەی (٤٦,٥٣ %) بە (٤٠)دوبارەبونەوە لە پلەی دوەم لە ژێر ناوی بەشی پەیوەندییەکان بە ڕێژەی (٣٣,٧٢ %)وە بە (٢٩) دوبارەبونەوە، لە بەشـــێك لە کەناڵەکان لە ژێر ناوی PR دێت کە کورتکراوەی Public Relation بە پلەی سێ یەم دێت بە ڕێژەی (٩,٣ %) وبە (٨) دوبارەبونەوە، لەکاتێکدا لە بەشـێك لە کەناڵە کان بە کارگێڕیی سەرچاوە مرۆییەکان بەستراوەتەوە لە پلەی چوارەم دێت بە ڕێژەی (٥,٨١٪) و بە (٥) دوبارەبونەوە، لە کۆتایی و پلەی پێنچەم هەردو گێسـتبوکینگ و هەماهەنگی - تەنسـیق بە ڕێژەی (٢,٣٢ %) وە بە (٢) دوبارەبونەوە دێت.

ئەگەر سەرنج بدەین لە ناوی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە میدیاییەکانی لە هەرێمی کوردستان چەند چەمکێکی لە خۆ دەگرێت بەڵام هەمویان هەمان ئەرك و پیشەی هەیە تەنها لە ناوەکان جیاوازن، بەشی هەرە زۆریان پەیوەندییە گشتییەکان بەکاردەهێنن کەمترینیان گێستبوکینگ و هەماهەنگی – تەنسیق بەکاردەهێنن.

خشتەی ٥ سەرپەرشتی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە میدیاییەکان دیاری دەکات

| لە دامەزراوەکەت کێ سەرپەرشتیی پەیوەندییە گشتییەکان دەکات | دوبارەبونەوە | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|
| بەشی کارگێڕی | ٣٧ | ٤٣,٠ |
| پسپۆڕانی پەیوەندییە گشتییەکان | ٢٧ | ٢٠,٩ |
| بەڕێوەبەری گشتی | ١٨ | ٣١,٤ |
| جێگری بەڕێوەبەر | ٤ | ٤,٧ |
| کۆی گشتی | 86 | 100.0 |

خشتەی (٥) سەرپەرشتی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە میدیاییەکان دیاری دەکات لە پلەی یەکەمدا بەشی پەیوەندییەگشتییەکان لەلایەن بەشی کارگێڕی بەڕێوە دەبرێت بە ڕێژەی (٤٣,٠ %) و بە (٣٧) دوبارەبوەنەوە، لە کاتێکدا پلەی دوەم بەشی پەیوەندییەگشتییەکان لەلایەن پسپۆڕانی پەیوەندییە گشتییەکان سەرپەرشتی دەکرێت بە ڕێژەی (٣١,٤ %) بە (٢٧) دوبارەبونەوە، بە پلەی سێ یەمدا بەشی پەیوەندییەگشتییەکان لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەدەبرێت بە ڕێژەی (٢٠,٩ %) وە بە (١٨) دوبارەبونەوە و بە پلەی چوارەم و کۆتا بەشی پەیوەندییەگشتییەکان لەلایەن جێگری بەڕێوەبەران بەڕێوەدەچێت بە ڕێژەی (٤,٧ %) وە بە (٤)دوبارەبونەوە.

